# تاوانەکانی باندەکەی "شیخ زانا"، جەخت لەسەر پێویستی هاتنەمەیدان بۆ هەڵپێچانی ئیسلامی سیاسیو سیاسەتی دەستگیرۆیی کردنی دەکاتەوە.

ئەمرۆژانە دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی سەرقاڵی ئاشکراکردنی تاوانە درندانەکانی گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامین بەناوی (گروپی شیخ زانا). ئەوەی لەم پەیوەندەدا دەخریتە بەرچاوی خەلك زنجیرە تاوانیکی مافیاییو درندانەیە کە وەکو هەزاران کارکردی دیکە، وەحشیگەریو خوینخۆریو قین لەدڵی ئیسلامو ئیسلامی سیاسی لە ئینسانیەت نیشاندەدات. ئینسان کە گوێ بۆ ئیعترافاتی ئەم جروجانەوەرە ئیسلامیانە دەگریت موچورك بە لەشیدا دیت. چەندین ئیسنانی بیتاوان دوای فراندن و دەستدریژی سیکسی، سەریان لەلاشیان جیادەکریتەوە و لەقەسابخانەیەکی نیهینیدا پارچەپارچە دەکرینو پاشان لەنیو کوچەو کولان و مەیدانی شاردا دەخرینە ژیر گلەوە. ئەمە ئەوپەری درندەییە کە ئیسلامی سیاسی بەرامبەر ئینسانیەت ئەنجامی دەدات. نمونەکانی ئەم تاوانانەش بەپێی پیرەوی "ئەمیری گروپ" ، لەپرۆڤەیەکی ئیسلامیدا دەستیان بۆبراوە، تاوەکو ئەنجامدەرانی بتوانن لەپیناو خودا و دامەزراندنی حوکمی شەریعەت و دەسەلاتی ئیسلامی لەسەر زەوی، لاوانیك لەسەر لاقەکردن و دەستدریژی سیکسیو سەربرینو پارچە پارچە کردنی بەشەر باربهینن. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە لە دنیای هاوچەرخدا بەرپاکردنی دەسەلاتی ئیسلام پێویستی بەوە هەیە لە ئینسان درندە دروست بکات، تا لە پیناو راپەراندنی"واجبەکانی ئیسلام"دا لەهیچ تاوانیك دەست نەپاریزنو سل نەکەنەوە و هەرچی پرەنسیپ و ویژدان و شعوری ئینسانی هەیە بیدۆرینن.

بەراستی کارەساتیکی راچلەکینەر و جیگای تیرامانی گەورەی خەلکی کوردستانە. ئەو زنجیرە تاوانە سامناکانەی لە ئیعترافاتی ئەم باندەدا باس کراون رق و تووڕەیی خەلکی کوردستانی بەرامبەر کارنامەی رەش وئینسان کوژی دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان بەوپەری خۆی گەیاندوە. بەلام پرسیار ئەوەیە کە تاوانەکانی "گروپی شیخ زانا" دەرخەری کام واقعیەتی سیاسیە؟ هۆی چیە لاوانی کوردستان لە دووسەرەوە دەبننە قوربانی ئەم مافیای ئینسان کوژیە؟ خەلکی کوردستان دەبی چیبکەن تا ئیستا وداهاتووی خۆیان لەم بەلاو تاوانە دزیوو نائینسانیانە پاکبکەنەوە و چیتر ریگا نەدەن ئەم تاوانکاریانە ببیتە گۆشەیەك لە میژووی ژیانی کۆمەلگاکەیان ؟

ئەم باندەو تاوانە سامناکەکانیان بەشیکی جیانەکراوەیە لە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی، حەلقەیەکی دیکەیە لەو زنجیرە تاوانە زۆروزەبەندانەی کە لە 15 سالی رابردوودا باندو تاقمە جۆراوجۆرە ئیسلامیەکان ئەنجامیانداوە، ئەم تاوانکاریە لە ماهیەتی ئەم بزووتنەوەیەو ئەحکامە کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیەکانیەوە سەرچاوەی گرتوە. قەسابخانەکانی جەزائیر وکوشتارگاکانی نیو شەقامەکانی تەلئەبیبو کەشمیر وکەراچی، تا بەردەبارانکردنی ژنان و زیندەبەچالکردن و کوشت وبرینەکانی ژیر سایەی جمهوری ئیسلامی لەئیران و سودان، تا تەقینەوە و کارەساتە خویناوییەکانی نیو پاص و میترۆی پایەتەختەکانی ئیسپانیاو روسیاو لەندن، تا کوشتاریك کە هەر رۆژە لە شارەکانی عیراق ژیانی دەیان پیرو لاوو منال دەکاتە قوربانی، تا تەقینەوەکانی شارەکانی کوردستانو تاوانی وەحشیانەی 23ی سەپتەمبەر، هەموو نیشانی دەدەن کە تیرۆرو رەشەکوژیو خوینخۆریو پارچە پارچە کردنی ئینسانو مافیایی کردن خەسلەتیکی سەرەکی ئیسلامی سیاسیەیە بە هەموو رەوتو بالەکانیەوە. بەلام ئەگەر ئەم هەموو کوشتار و ئینسان کوژیە و ئەم رووداوانەی دنیای ئەمرۆ هیشتا گومانیکیان لای کەسانیك هیشتبیتەوە، ئەوە کردەوەکانی ئەم باندە ئینسانکوژەو 15 سال کارنامەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان هیچ گومانیك لەسەر ماهیەتی ئیسلامی سیاسی ناهیلیتەوەو هیچ جیگایەکیش بۆ رووسپی کردنی هیچ تاقمیکی ئیسلامی بە ناوی "ئیسلامی دیموکراتخواز وتۆلرانس" "ئیسلامی ئاشتیخواز و میانەرەو" " ئیسلامی رەسەنو نارەسەن" ناهیلیتەوە.

خەلکی ئازادیخوازی کوردستان شاهیدی ئەوەن کە رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، لە بزوتنەوەی ئیسلامیەوە تا کۆمەل و ئەنسار ئیسلام و جند الاسلام، تا دەگات بە "میانەرەوەکانی" بابەتی یەکگرتووی ئیسلامی وئەوانیتر چ کارنامەیەکی رەشی ئیسنان کوژیو تیرۆریستیو کونەپەرستیان هەیە لە پیناو سەپاندنی ئیسلامو دەسەلاتی ئیسلامیدا. تیرۆرو کوشتنی سەدان کەسی ئازدایخوازو عەلمانی و چەپ و دەرکردنی فتوای کوشتنی دەیان نوسەر و رۆژنامەنوسی موخالف بەباوەری ئیسلامی، بەریخستنی حملەی تیرۆرو رەشەکوژی ژنان، تەقاندنەوەی ئارایشتگای ژنان و پەلاماردانی سەیرانگاو سینەماو شوینەکانی مەشروبفرۆشی وهەرسیمایەکی مەدەنی شارەکان. کەلك وەرگرتن لە برسیتیو بیدەرەانی خەلك بۆ سەپاندنی حیجاب بەسەر منالان و هەرەشەکردن لە لاوان و هوهاکیشان لەژنانو رژاندنی تیزاب بەدەستو قاچی ژنانی مەدەنی چۆشدا، تا دەگات بەقۆرغکردنی ناوچەکانی هەلبجەو تەویلەو بیارەو کارەساتی ئاوایی خیلی حەمە و تەقینەوەکانی ئەم دویانەی شاری هەولیر..وەدەیانیتر بەگشتی بەلگەی زۆروزەبەندن لەسەر ئەوەی کە سەرجەم رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لەخولقاندنی تاوانەکانی تیرۆرو تۆقاندن و فتوادەرکردن و هەرەشەو تەقینەوەدا دەستیان هەیەو بەشدارن. سەرەنجامیش لە نمونەی باندەکەی شیخ زاناو تاوانەکانیدا دریژەی بەخۆیداوە. خودی ئیعترافاتەکان ئاشکرای دەکەن کە هەر تاوانیکی ئیسلامی بە دەست هەر تاقمیك ئەنجامدرابیت، ژیربەژیر لە هاوکاریو ئیمکانیاتی تاقمەکانی دیکەش کەلکی وەرگرتووە. تەنانەت ئەو داهاتو دەسەلاتەی کە لەلایەن یەکیتیو پارتیەوە دراوە بە تاقمە ئیسلامیەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە درندانانە کەلکی لی وەرگیراوە.

بەلام ئەمە تەنها لایەکی ئەو واقعیەتەیە کە کۆمەلگای کوردستانی ئالودەکردووە بە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی، لایەنیکی تری ئەوەی کە ئەم دەستەو تاقمانە ئاوا دەتوانن بەسادەیی گەرای خۆیان بچینن وزەفەر بەلاوانی بهینن و تاوانەکانیان هەر رۆژە رووبەرووی خەلکی کوردستان بکەنەوە، ئاکامی سیاسەتیکە کە یەکیتی نیشتمانی وپارتی دیموکراتی کوردستان بۆبەرژەوەندی خۆیان، بەدریژیی 15 سالی رابردوو لەبەرامبەر رەوتە ئیسلامیەکاندا گرتوویانەتەبەر. یەکیتی وپارتی 15 سالە لە چوارچیوەی راگرتنی دەسەلات و بالانسی هیزدا دەستی ئیسلامی سیاسیان گرتووەو داهاتی زۆروزەبەندیان راژاندوەتە جعبەی تیرۆریستیانەوەو لە دەسەلات شەریکیان کردوون، 15 سالە ئەم رەوتانە بەو ئیمکایەتو داهاتو

دەسەلاتەی لە یەکیتیو پارتیان وەرگرتووە تلیاکی ئیسلامی دەرخواردی کۆمەلگای کوردستان دەدەنو دەست دەخەنە ناو ژیانی خەلکەوە و بیرھۆشی لاوان و منالان ئالودە دەکەن، 15 سالە میلیشیا تیرۆریستەکانی ئەم باندە خوینخۆرانە بە داھاتی کوردستان بە خیودەکەن، 15 سالە لە سایەی سیاسەتی یەکیتیو پارتیدا مزگەوتەکان کراون بە بنکەی تیرۆریستانو مەیدانی مەشقو دەرسی تیرۆریستیو بلنگۆکانیش کراون بە مینبەری پەخشانەوەی فتواو بانگیشەی تیرۆریزم. یەکیتیو پارتی لە پیناو مەرامو ساتو سەوداکانی خۆیاندا دەرگای کوردستانیان بۆ ئەم جروجانەوەرانە کردەوەو ھاوکاریان کردن تا چەکداربنو چەكو تەقەمەنی زۆروزەبەندو بنکەو بارەگاو دەزگای پەخشانەوەی فتواو خورافاتو مزگەوتەکانیان خستە بەردەستیان، بەم جۆرەش کوردستان بوو بە شوینی گەراھەلخستنی تیرۆریستانی ئیسلامی. ئەم دوحیزبەو دەسەلاتەکانیان لە کیشمەکیشی نیوان ئیسلامییەکان و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریو بەرەی ئازادیو سکولاریزمدا، بە ئاشکرا لایەنگریان لە ئیسلامی سیاسی کرد، جلال تالەبانی بۆ دلنەوای ئیسلامیەکان بلاوکراوەی بۆپیشەوەی داخست، بارزانیش بۆ ھەمان مەبەست بلاوکراوەی یەکسانی داخست. تالەبانی لەسەر پەردەھەلمالین لەرووی تیرۆریزمو کۆنەپەرستی ئیسلامی شکاتنامەی لە دژی حیزبی ئیمە تۆمارکردو ھیرشی چەکدارانەی کردە سەر حیزبی ئیمە، ئەدھەم بارزانیش بەو بودجەیەی لە بارزانی وەری دەگرت 200 ھەزار دینیاری بە بەیانی رەسمیو ئاشکرا تەرخان کرد بۆ کوشتنی ریبوار ئەحمەد، مەلا بەشیر لە سایەی دەسەلاتی پارتیدا بە ئاشکرا فتوای کوشتنی ھاوریان شاپور عبدالقادرو قابیل عادلی راگەیاندو ئیسیتاش خەریکە ھەمان کار بەرامبەر ساکار ئەحمەد دەکاتو لە پشتیوانیو ستایشی پارتیو بەرزانیش بەھرەمەندە. ئەم دووحیزبە بەردەوام خۆلیان کردوەتە چاو خەلکی کوردستان بۆ ئەوەی ماھیەتو کارنامەی رەشو تاوانکارانەی ئیسلامی سیاسی نەبینو بە ناوی ئیسلامی رەسەنو ئیسلامی نارەسەن ھەر جارەی پاساویان بۆ تیرۆریزمی تاقمیك ھیناوەتەوەو ھەولیانداوە لە نەفرەتی خەلك دوریان بخەنەوە. بەریان بە ھاتنەمەیدانی لە دژی ئیسلامی سیاسی گرت. سەرباری ھەموو ئەمانە 15 سالە ئەم دوو حیزبە بە زۆرو زەبری چەك یاساو نەریتیتە ئیسلامیەکانی بەعسیان بەسەر خەلکی کوردستانەوە راگرتوە، دینیان کردوەتە بنەمای قانونو دەستوری ولاتو بردویانەتە ناو مەنھەجی خویندنەوەو لایەکی داھاتی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی مزگەوتو حسینیەو ئەوقافو خورافاتی ئیسلامی خەرج دەکەن. بە کورتی یەکیتیو پارتی بە سیاسەتی چەوتی خۆیان کوردستانیان کرد بە قوربانیو بە ئیسلامی سیاسی ئالودەیان کرد. بەم جۆرەش دەیان باندی تیرۆریستی لەوانەش باندی (شیخ زانا) بۆ لە خوینھەلکیشانی کۆمەلگا سەریان دەرھیناوە. بە ھەزاران بەلگە یەکیتیو پارتی راستەوخۆ لەم کارەساتانە بەرپرسیارو خەتابارن. تاوانەکانی ئەم باندە بەو رادەیەی پەردە لەسەر ماھیەتو کارنامەی ئیسلامی سیاسی ھەلدەمالی بە ھەمان رادەش پەردە لەسەر سیاسەتی چەتو کۆنەپەرستانەی یەکیتیو پارتی ھەلدەمالیو ھیچ حەقانیەتیك بۆ دەسەلاتو بزووتنەوەکەیان ناھیلیتەوە.

تا سیاسەتی چەوتی دەستگیرۆیی ئیسلامی سیاسی لە ئارادا بیت، بە گرتنو لەبەین بردنی باندی (شیخ زانا) نە خەتاو بەرپرسیاریتی پارتیو یەکیتی تەواو دەبیتو نە ھەرەشەی ئیسلامی سیاسی لەسەر خەلك لادەچیت، ئەم سیاسەتە دەتوانی دەیان باندی دیکەی لەم بابەتە بەرھەم بھینیتەوە. ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم ھەر ئیستا ھەرەشەیەکی خەتەرناکە لەسەر کۆمەلگای کوردستانو ژیانو چارەنوسی خەلکەکەی. بەتایبەتی ئەو بارودۆخە ناھەموارەی کە لە ئاکامی جەنگو داگیرکاری ئەمریکادا بالی بەسەر عیراقدا کیشاوەو دیسانیش بە ھۆی سیاسەتی یەکتیو پارتیەوە کوردستانی پیوە گلینراوە، ئەم خەتەرەی ھەرچی زیاتر کردوە. خەلکی کوردستان دەبێ ئاشکرابوونی "گروپەکەی شیخ زاناو" تاوانەکانی بکاتە دەرفەتیك بۆ ھاتنە مەیدان لە پیناو رامالینی یەکجاری ئیسلامی سیاسیو سیاسەتی یەکیتیو پارتی بۆ دەستگیرۆیی کردنیان.

خەلکی کوردستان بۆئەوەی لە بەلای ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم و تاوانی باندەکانی رزگاریان بیت دەبی بە ریزی فراوان بۆ ھەلپیچانی ئیسلامی سیاسی و دەستکۆتاکردنی رەوتەکانی لەسەر ژیانی کۆمەلگاو بە شکست کیشانی سیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بینە مەیدانەوە و لە دەوری ئەم خواستانە بزووتنەوەی بەھیزو سەرتاسەریو سەربەخۆیان بەریبخەن:

1– جیاکردنەوەی کوردستان لەعیراق و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆوی غەیرەقەومی وغەیرە دینی.

2– جیاکردنەوەی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردن. ھەلوەشاندنەوەی ھەموو ئەو یاساو ریسایانەی کە لە دینەوە سەرچاوەیان گرتووە. دارشتنی دەستورو یاسایەکی سکولارو مەدەنی لەسەر بناغەی جیایی دین لەدەولەت وبووارەکانی پەروەردە وفیرکردن وسەلماندنی مافی ھاولاتی یەکسان وئازادییە شەخسی ومەدەنیەکان بۆ ھەمووان .

3– قەدەغەکردنی ھەلسورانی سەرجەم دەستەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامیەکانو ھەلپیچانی ھەموو دام و دەزگاو بنکەو ھیزی چەکدارو مینبەرەکانی فتوادانو پەخشانەوەی بانگیشەی تیرۆریستیان. داداگایی کردنی ھەموو ئەو لایەنو کەسانەی لە ئەنجامدان یان بانگەوازکردن بۆ کاری تیرۆریستی دەستیان بووە.

4– ھەلوەشانەوەی وەزارەتی ئەوقافو دەزگا دەولەتیە ئیسلامیەکان، برینی ھەموو جۆرە بودجەو ھاوکاریەکی مالی دەولەت بە دامەزراوەو مەلبەندو چالاکیە دینیەکان.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەریزی پیشەوەی خەبات بۆ بەدی ھینانی ئەم خواستانە و خەباتی خەلکی کوردستان بۆ ھەلپیچانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆرو تاوانی باندەکانی تیدەکۆشیت. کۆبوونەوە لەدەوری ئەم حیزبەو جۆشدانی خەباتی جەماوەریمان تاکە زەمانەت بۆ دورخستنەوەی خەتەری تیرۆریزم و رزگاری کۆمەلگای کوردستان لە ملۆزمو تاوانەکانی ئیسلامی سیاسی.

***حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق***

*2005/7/17*